سودانی پشوازی لە سەرۆک شاندە بەشداربووەکانی کۆنگرەی ٣٥ەمینی بەپەلەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی دەکات

محەمەد شیاع سودانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەمڕۆ چوارشەممە پشوازی کرد لە سەرۆکانی پەرلەمان و شاندە عەرەبییە بەشداربووەکانی کارەکانی سی و پێنجەمین کۆنگرەی بەپەلەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی کە لە بەغدادی پایتەخت بەڕێوەچوو بۆ تاوتوێکردنی پشهاتەکانی دەخی شاری غەزە و هەرشەکانی زایۆنیستەکان بۆ سەر خاکی فەلەستینی داگیرکراو.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران سودانی پشوازی لە شاندە بەشداربووەکان کرد و پیرۆزبایی لە بەڕێوەچوونی کۆنگرە بەپەلەکەیانی کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بارودۆخە تراژیدیایەی کە گەلی فەلەستین تیایدا دەژین.

سەرۆک وەزیران هەڵوێستی بنچینەیی عێراقی دووپاتکردەوە بەرامبەر بە پرسی فەلەستین و گرنگی هەنگاونانی بەپەلە بۆ پشتگیری کردن لە گەلی فەلەستین کە ڕووبەڕووی دوژمنکارییەکی ئاشکرا و تاوانی جەنگی تۆواو و هاوڵی جینساید دەبنەوە، پاش ئاوڵی دەسەڵاتدارانی داگیرکەری زایۆنی بەردەوام بوون

لە بە ئامانج کردنی خەڵکی سڤیل و ئاشتیخواز.

سەرکی ئینجومەنی وەزیران ئاماژەیدا بە بەردومانە دێندانەکەی ئێوارەی دوێنێی سەر نەخشانەی مەعەمدانی لە غەزە کە بووە هۆی شەهیدبوون و بریندارببوونی سەدان منداڵ و ژن لە تاوانێکی قزۆوندا کە هەموو پێیمانناماە و یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی تێپەڕاند و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەستە پەرلەمانی و سیاسییەکان کرد فریایی خەڵکی فەڵەستینی ستەملێکراو بکەون و بەهێزیان بکەن بە دەستبەرکردنی سەرجەم مافە هەواکانیان لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر خاکێ نیشتمانییەکیان.